

# به دەیان پرۆژەی نیشتەجێبوون جێبەجێ دەکرێت، بەڵام بۆ لاوان نییە

یەکێـك لــە تایبەتمەندی حوكمڕانی هاوچەرخ گرنگیدانە بە توێژی لاوان و ئاراســتەكردنی سیاســەت و سیســتەمە ئابووری و كۆمەڵایەتیەكانە بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەرە زانستی و عەقڵانیەكانی گرفتەكانی لاوان، بەتایبەتی لەكۆمەڵگاو وڵاتێكدا كە هەســتی بەپەراوێزخســتن و پشتگوێخســتن لەلای لاوەكان دروست بوویێت و كەلێنێك لە نێوان حكومەت و فراوانترین توێژی كۆمەڵگای لێكەوتبێتەوە . لە هەرێمی كوردســتانیش كــە بەكۆمەڵگایەكی گەنجانە( لاوانە ) دادەنرێت و لە هەندێك لەو زانیــاری و داتاو ئامارە خەمڵێنراوانەی كە بڵاودەكرێنەوە باس لەوە دەكرێت كۆمەڵگەی كوردســتانی كۆمەڵگەی لاوە و ڕێژەی نزیكەی ٥٠٪ لە نێوان تەمەن ١٥-٣٠ ســاڵیدایە، لەم كۆمەڵگایەدا كێشــەكانی نادادپەروەری و نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون و دەیان گرفتی تر بوونیان هەیەو ئاستەنگیان لەبەردەم حەزو ئارەزووەكانی لاوان داناوە، هەربۆیە نەوەی نوێ لەم كۆمەڵگایەدا بێ گرفت و كێشــە نییەو، حەزو ئارەزووەكانیان لەنەوەی پێشــوو جیاوازەو بگرە ئاستی نارەزایەتی و رەخنەو داواكارییەكانیشیان بەرزە. بۆ قسەكردن لەسەر ئەم بابەتە پێوەندیمان بە ئومێد خۆشناو سكرتێری یەكێتی لاوانی دیموكراتی كوردستان كردو بۆ گوڵان بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن.

### کێشەی پرسی لاو

**سەرەتا و بۆ تیشك خستنە سەر کێشەی لاوان و هیواوخوزگەکانیان بۆ ئاینده، ئومێد خۆشناو سکرتێری یەکێتی لاوان وتی:**

(بەپێــی هەمــوو ئــەو ئامارە نارەســمیانەی کە هەیە کۆمەڵگای کوردســتان بە کۆمەڵگایەکی گەنجانــە دادەنرێت بەو پێیــەی لاوەکان ٦٠٪ی کۆمەڵگا پێکدەهێنن، لەگەڵ دەســتبەکاربوونی کابینــەی نوێی حکومــەت دا توێژی گەنج و رێکخراوە پەیوەندارەکانیان جۆرە گەشــبینیەکیان لا دروســت بووە، چونکە کێشەی لاوان و پرسی گەنــج کە بوونی هەیــە و ناتوانرێــت نکۆڵی لێبکرێت و لەریزبەندی پێشــەوەی ئەو ئەرکانەی حکومەت دێت کە پێویستە چارەسەری عەقڵانی بــۆ بدۆزرێتەوە، پێشــبینی لاوانیش بۆ روئیای نێچیرڤان بارزانی کــە تێروانینێکی گەنجانەیە زۆر بــەرز بۆتــەوە، ئەمــەش ئەرکەکانــی کابینەی نوێ بۆ پرسی لاوو چارەسەرکردنی گرفتەکانیــان زۆر قورس دەکات. ئێســتا لەگــەڵ رێکخراوەکانــی تــر خەریکی پێکهێنانــی (بۆردێکــی راوێژکاری رێکخراوەکانــی لاوان)یــن تاوەکو لەگەڵ حکومەت پەیوەندیەکی راســتەوخۆمان هەبێت و چەند مانــگ جارێك توێژینەوەی زانســتیمان هەبێــت و گرفــت و داخوازیەکانــی لاوان کۆبکەینــەوە و لەشــێوەی راپۆرتێکدا پێشکەشــی حکومەتی بکەین و بیکەینە بەشێکی سەرەکی لەکارنامــەی حکومــەت تاوەکــو بەدواداچوونی جیــدی بۆ بکرێت . لەکوردســتان جگە لــە گرفتە زاتیەکانی لاو کێشەی شوناسیشی هەیە، گرفتەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و شوناس و هەل رەخساندن و بێکاری و. تاد هەمووی کۆمەڵە گرفتێکــی کەڵەکــە بــووە و لە چاوەروانی چارەسەرکردندایە. ئێمە وەکو یەکێتــی لاوانی دیموکراتی کوردســتان لەقۆناغە جیاجیاکاندا بەپێی توانا خزمەتی ئەم توێژەمان کردووە هەر ساڵی رابردوو پرۆژەیەکی هاوبەشــمان لەگەڵ رێکخراوی ئــازادی لاوان بــۆ ســندوقی پشــتیوانی پرۆژە بچوکەکانی گەنجان پێشــکەش بەپەرلەمانی کوردستان کرد، کە بەخۆشحاڵیەوە بووە بە یاســاو تا ئێســتا زیاتر لــە ١٠٠٠ لاو تێیدا ســوودمەند بووە، هەروەها مەســەلەی بیمەی بێــکاری کــە بۆ لاو زۆر پێویســتە و ســاڵی



**کۆمەڵگای کوردستان بە کۆمەڵگایەکی گەنجانە دادەنرێت بەو پێیەی لاوەکان ٦٠٪ی کۆمەڵگا پێکدەهێنن**

رابردوو کەمپینمان بۆ پێکهێنابوو ئەمســاڵ ئەو بیمەیەش چــووە بواری جێبەجێکردنەوە، هەروەها ساڵی رابردوو بۆ مەسەلەی زیادبوونی پێشینەی هاوسەرگیری لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کەمپینێکی ترمان پێکهێناو پرۆژەیەکمان پێشکەش بە سەرۆکایەتی حکومەت و پەرلەمان کرد ئەوەبوو پێشینەی هاوسەرگیری لە ١ ملیۆن دینارەوە بۆ ٥ ملیۆن بەرز بۆوە .

### پرسی لاوی ئافرەت لەکۆمەڵگا دا

ئەم پرۆژو کارانــە تارادەیەك هەنگاوی باش بوون بەڵام تاچەندە لەئاست ئومێدو خواستەکانی لاواندایــە؟ ئێمە هێشــتا لەکۆمەڵگایەکداین کە گەنج تێیــدا مافی خوراوە، لەلایەکی دیکەوە تا ئێســتا لە پەرلەمان و حکومەت رێژەیەکی کەم لاو دەبینرێت کە پۆســتی وەزیری یا بەرێوەبەری گشــتی و راوێژکاری پێ درابێت، تەنانەت لەم رێژە کەمەشــدا زۆر کــەم لاوی ئافرەت بوونیان هەیــە، تەنانەت رێژەی ئافرەتان زۆر کەمە لەناو زۆربەی ئــەو کۆمەڵەو رێکخراوانــەی خۆیان بەنوێنەرانی لاوان دادەنێــن، بەرادەیەك زۆربەی جار وشــەی (لاو یا گەنج )بەرەگەزی نێرینەوە دەبەســترێتەوە. لەمبارەیەوە ســکرتێری یەکێتی لاوانــی دیموکراتی کوردستان وتــی : حزبە سیاســیەکان و ئــۆرگان و دامەزراوەکانی ئەم وڵاتــە درك بەوە دەکەن هێنانە پێشــەوەو پێدانی هەل بەلاوان ئەرکێکی ســەرەکیانە، بەڵام چەند توانــراوە لەچوارچێوەی یاســایەکدا ئەم ئەرکە بەپراکتیك بکرێت، چونکە فرسەت پێدان بەلاوان زیندویەتی کۆمەڵگا نیشان دەدات و کۆمەڵگاش ســوودمەند دەبێــت . جێی داخیشــە کۆمەڵگا داخراوەکان و لەناو ئەو سیســتەمە کۆنانەی کە هەیــە ئەم رۆڵە کەمتر دراوە بــەلاوان بەتایبەت لاوانی ئافرەت، وەکو کۆمەڵــگا واقیعێك هەیە پێویســتە دانی پێدابنێین ئەویش بوونی گرفتی کۆمەڵایەتــی و هەندێك کلتووری وڵاتی ئێمەیە

**رێژەیەی ئافرەت لەناو رێکخراوەکان بە یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانیشەوە کەمە و تەنانەت لاو کراوەتە وشەیەکی نێرینە**

کــە وایکردووە تواناو بەهرەکانــی لاوی ئافرەت بەپەراوێزبخرێــت، ئێمە لە وڵاتێکداین لە ئاکامی کاریگەرییەکانــی جیهانگیری و ئــەو کرانەوە شۆرشــی تەکنەلۆژیایەی کــە لەجیهاندا هەیە دۆخێکی وای خوڵقاندووە شــێواز و لێکچوونێك لەنێوان کۆمەڵــگای ئێمەو کۆمەڵگای وڵاتانی تر بــە پراکتیکی جێبەجێی بکرێــت، بەڵام ئەم کاریگەرییە لەســەر مەسەلەی ئافرەت بەو شێوە فراوانە نەبووە لەکاتێکدا خواستەکانی ئافرەتانیش لەوە زیاتــرن، بەپەراوێزخســتنی لاوی ئافرەت لەکوردســتاندا بۆ چەندین هۆکاری جۆراوجۆر دەگەرێتــەوە، کۆمەڵگایەکی باوکســالاری و هەندێك دابونەریتی دواکەوتوو خراپی سیستەمی وڵات و تەنانــەت زۆرجــار خــودی ئافرەتیش هۆکارە بۆ بەپەراوێزخســتنی لاوی ئافرەت لەناو کۆمەڵگای کوردســتان دا . بــۆ دەربازبوون لەم واقیعەش پێویســتە ئەو کۆمەڵــە هۆکارانە زۆر بــە دروســتی و عەقڵانیەوە دیراســە بکرێت و چارەســەری بۆ بدۆزرێتەوە . ئێمە لەناو یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان درکمان بەم گرفتە کردووە، بۆیە وەکو شــێوازێکی ئیجباری لە هەر ئۆرگانێك لە ئۆرگانەکان دەبێت ئافرەت بەشــێك بێت لــە پێکهاتەی ســتافەکەی، واتا لە ١٤٦ ئۆرگان لە وڵاتی ئێمەدا کــە وەکو ناوەندەکانی چالاکیمــان بوونیان هەیــە و ٣ ناوەندی باڵا لە شــارە گەورەکانیشــمان هەیە بەمەش زیاتر لە ١٧٠ ئافــرەت لەو ناوەندانــە بوونی چالاکانیان هەیە لە کۆی ٧ کەســیش لە سکرتاریەتی ئێمە توانیومانە ئافرەتێك ئەو هەڵەی بۆ برەخسێنین و لە کۆی ٣٠ کەسیش لەسەرکردایەتی ٣ ئەندامی سەرکردایەتی رێکخراوەکەمان ئافرەتەو لەهەندێك ئۆرگانیــش دا بەرپرســیاریتی یەکــەم ئافرەتە هەروەکــو لەلقی بەغدا هەیــە، لەگەڵ ئەمەش دا ئــەم رێژەیەی ئافرەت لەنــاو یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســتان کەمە و لەناو ئۆرگان و دامەزراوو رێکخراوەکان دا بەهەمانشــێوە بوونی ئافرەت کەمە بۆیە پێویســتە بە سیستەم پێدانی فرســەت بە لاوانی ئافرەتان رێك بخرێت، چونکە کاتێك دەڵێین لاو واتە بەهــەردوو رەگەزی نێرو مێ کە پێویستی بە هاوسەنگیەك هەیە.

### نەتوانراوە کێشەی نیشتەجێبوونی لاوان جێبەجێبکرێت

لاوەکان دەڵێــن :( ئێمە گونــدی ئەمەریکی و ئینگلیــزی و ئیتاڵــی و شــاری خەونەکانمان ناوێت)، لاو لەم هەرێمــەدا خەون بە دوو ژوورو هەیوانێکەوە دەبینێت، هەربۆیە یەکێك لەهۆکاری بێــزاری لاوان ئەو گەندەڵــی و بازرگانیەیە کە لەبواری پرۆژەکانــی وەبەرهێنــان ئەنجامدراو ئەوەندەی تری گرفتی نیشــتەجێبوونی لەلای لاوان ئاڵۆزتــر کرد ســەبارەت بەم بــوارە ئومێد خۆشناو وتی : رێکخراوەکەمان هەر زوو هەستی بــەو گرفتە ئاڵۆزو پر لەمەترســیە کرد کە لاو

ئومێد خۆشناو
سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# دەمانەوێت گرفت و داخوازیەکانی لاوان بکەینە بەشێکی سەرەکی لەکارنامەی حکومەت



نەیدەتوانی شـــوێنی نیشـــتەجێبوون دابین بکات و ڕێگای لە پرۆســـەی هاوسەرگیریشی داناوە، کاتێکیش ئاهەنگی هاوســـەرگیری بەکۆمەڵی بۆ لاوان ســـازدا کـــە ئەم چالاکیە نـــەك تەنیا لە کوردســـتان و عێراق بەڵکو لـــە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشـــدا دەگمـــەن بوو، ئەمـــەش تەنیا مەبەستی ئاهەنگێك و پرۆسەی هاوسەرگیریەکە نەبوو دەمانوویســـت ئەو کلتوورە هەڵەو خراپانەی کەوتبوونـــە ناو کۆمەڵگای ئێمە بیشـــکێنین و سەرجەم پرۆسەکەی خۆشەویستی و هاوسەری و پێکەوەنانی ئارەزوومەندانەی خێزان ئازاد بکەین، لەدوای ئەم هەڵمەتە بیرمان لە دەرهاویشتەکانی دوای هاوســـەرگیری کـــردەوە لەوانە کێشـــەی نیشتەجێبوون کە یەکێکە لەگرفتە سەرەکیەکانی لاوانی ئەم وڵاتەو ڕێگرە لـــە پێکەوەنانی خێزان بەداخیشـــەوە پرۆژەکانی وەبەرهێنـــان لەبواری نیشـــتەجێبوون نەیتوانی ئەو گرفتە چارەســـەر بکات، گەرچـــی ئێمە یەکەم ڕێکخـــراو بووین بەسوود وەرگرتن لە پرۆژەی وەبەرهێنان ٤ یەکەی نیشتەجێبوونمان دروســـت کرد بەڵام ئەمە تەنیا ســـەرەتایەك بوون بەو فراوانییە نەبوو لەکاتێکدا لە کوردستان دەیان پرۆژەی یەکەی نیشتەجێبوون دروســـت کراوە کە هیچی بـــۆ لاوان نییە و بۆ کەســـانێکە کە ژیانێکی هایلایف دەژین و بگرە بۆ بازرگانی بەکاری دەهێنن. گرفتەکە لەوەدایە هەندێـــك پرۆژە کە بۆ خەڵکـــی کەم دەرامەت و لاوە کەچی ئەویش بازرگانی پێوە دەکرێت ئێستا لە گەڕەکی ئایندەو کۆمەڵـــگای لاوان بەبلۆك لەلایەن عـــەرەب و بازرگانەکانەوە دەکڕدرێتەوە و بازرگانی پێوە دەکرێت، بۆیە پێویســـتە یاســـای وەبەرهێنان لەبواری نیشتەجێبوون پێداچوونەوەی بۆ بکرێـــت و لەگەڵ داهـــات و بژێوی ژیانی لاوان بگونجێت و دوور بخرێتەوە لە بازرگانیکردن پێوەیەی لەمەشـــدا پرۆژەمان هەیـــە کە پارەی یەکەی نیشـــتەجێبوونەکە بە قیستێکی ئاسان و درێژ بێت و لاوان تێیدا سوودمەند بێت .

### دامەزراوەکان بۆ ئەکتیڤکردنی لاو پێویستە

ســـەبارەت بە لاوازی دامەزراوەکان لە کوردستان کەئاســـتەنگێکی گەورەیە لە بەردەم بەدیهێنانی حـــەزو ئارەزووەکانی لاوان ســـکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســـتان وتی : توێژی لاو لەناو هەموو کۆمەڵگایەکدا توێژێکی زیندووە و ئەکتیڤە، هەربۆیە ئاساییە توێژی لاو توێژێکی ڕەخنەگـــرو یاخی بێـــت بەو پێـــی داینەمۆی کۆمەڵگایە و گلەیـــی و داخوازی هەیە، بەڵام پێویستە سیســـتەم و دامەزراوە هەبێت بۆ ئەوەی تواناو بەهرەکانی لاو تێیدا سوودی لێوەربگیرێت و مافەکانیشـــی لەناو ئەو دامەزراوانە پارێزراو بێت، پێویســـتە دامەزراوەکان بۆ لاوان بەدەستوور ڕێك بخرێت و لە ڕەشنووسی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردســـتان بە پێداگیری ڕێکخراوەکانی لاوان مـــاددەی ٥٥ تایبەت بەتوێژی لاوان هەیە کە لەزۆر وڵاتی پێشـــکەوتوو ئەو تایبەتمەندییە نییە، ئەوەی کەدەمێنێتەوە بەکاراکردن و بەیاســـا ڕێکخســـتنی بڕگەکانی ماددە دەستوورییەکەیە تاوەکو بتوانرێت لەم هەرێمەدا ماف و ئەرکەکانی لاوان دەستنیشان بکرێت .

### ئینتمابوونی لاو بۆ خاك و وڵات

لـــە میدیاو ناوەنـــدە سیاســـیەکاندا زۆر باس لە ئینتمابوونـــی لاو بـــۆ خـــاك و وڵات دەگرێت، بەڵام لاوەکان بێزارن بەرامبەر بە پشتگوێخســـتن و بـــە پەراوێزبوونیان، چونکە لە زۆر بواری وەکو پرســـکردن بە سیســـتەمی خوێندن و کارکردن و دامەزرانـــدن و حەزو ئارەزووەکانی گەنجانەی بۆ خۆشەویســـتی مەحرومن، لەمبارەیەوە سکرتێری یەکێتـــی لاوانی دیموکراتی کوردســـتان وتی : مەســـەلەی ئینتمابوونی لاو بـــۆ خاك و وڵات راوبۆچوونـــی جیاوازی لەســـەرە زۆر هەیە پێی وایە کێڤی ئـــەم ئینتمابوونە ڕووی لەکاڵبوونەوە کـــردووە لەبەرامبەردا رایەکـــی تر هەیە کە باس لەبـــەرزی ئینتمابوونـــی لاو بۆ خـــاك و وڵات دەکات، ئێمە پێمان وایە ئینتمابوون لە ئاســـتێکی مامناوەندایە، ئەگەر دوێنێ لە لای لاوێك ئینتما بریتی بووبێت لە هەڵگرتنی چەك و بەرگریکردن

**لەساڵی ڕابردوو تەنیا لە شاری هەولێردا ١١٢ خۆپیشاندان ئەنجامدرا کە بەشی زۆری لەمەسەلەی ئینتما بووە**

**ساڵی رابردوو پرۆژەیەکی هاوبەشمان لەگەڵ ڕێکخراوی ئازادی لاوان بۆ سندوقی پشتیوانی پرۆژە بچوکەکانی گەنجان پێشکەش بەپەرلەمانی کوردستان کرد، بووە بە یاساو زیاتر لە ١٠٠٠ لاو تێیدا سوودمەند بووە**



له كوردستان و پێشــمەرگایەتی و قوربانی دان ئەمرۆ بارودۆخەكە گۆڕاوە رەنگە ژینگەپارێزیەك گەورەترین ئینتما بێت بۆ خاك و وڵات، كاتێكیش باس لە ئینتما كاڵ بوونەوە دەكەین پێویستە دوو شــت لەبەرچاو بگریــن و جیاوازیان تێدا بكرێت ئەویش ئینتمای سیاســی و ئینتمای نیشتمانی و نەتەوەیــی، بۆ نموونە لەســاڵی رابردوو تەنیا لە شــاری هەولێردا ١١٢ خۆپیشاندان ئەنجامدرا كە بەشی زۆری لەمەســەلەی ئینتما بووە، بۆ نموونــە دژ بەبڕیارەكانــی حكومەتی ناوەندی بەغداو هێرشــەكانی توركیــاو بەربەرچدانەوەی كۆمەڵكــوژی بەشــەكانی تری كوردســتان و پشــتگیریكردن لــە خۆپیشــاندانی رۆژئاوای كوردســتان بوو، ئەمە جگە لە خۆپیشاندانەكانی دژ بە خوێندن و دامەزراندن و وەرگرتنی قوتابیان لــە زانكۆكان و ئەو بوارانــەی تری تایبەت بە پرســی لاو . لەگەڵ ئەمەش دا گرفت و كێشە هەیەو نادادپەروەریش بوونی هەیە.

**حزبە سیاسیەكان و زمانی گەنجانە**

لەهەرێمی كوردستان حزبە سیاسیەكان گرنگیان كەم بــەلاوان داوەو بڕوایان بەتواناكانیان كەمە، لەكاتێكدا لەسەردەمی شۆڕش زۆر لەبەرپرس و سەركردەكانی لاو بوون كە ئەمرۆ بەرپرسیارێتی باڵایان هەیە، لەمبارەیەوە ســكرتێری یەكێتی لاوانــی دیموكراتی كوردســتان وتی: ئەركی هەمــوو حزبە سیاســیەكانی كوردســتانە بە حزبەكانــی فەرمانڕەواو ئۆپۆزسیۆنیشــەوە كە لەنــاو دامەزراوەكانــدا زمانــی لێدوانەكانیان گۆڕانكاری بەســەردا بێــت و ببێتە زمانێكی گەنجانە و لە پرۆگرامی خۆیان ئەجیندەیەكی روونیان هەبێت كە وەڵامدەرەوەی داخوازیەكانی گەنج بێت، پارتی دیموكراتی كوردستان لە دوا كۆنگرەی لە ئۆرگانەكانیدا هەوڵی زۆری داو ئێســتا لەســەركردایەتی پارتی دا ژمارەیەكی بــاش لە لاوان وجودیان هەیە و كە نوێنەرایەتی لاوانە دەكەن و بزاڤەكەیان دیارە، لەلایەكی ترەوە هەموو حزبێكی سیاســی مافی خۆیەتی زۆر ترین گەنج لەخــۆی كۆبكاتەوە بەڵام گەنج و كێشــەكانی گەنج نەبنە مەرامێكی سیاســی و دواجــار بكرێنە ســوتەمەنی و قوربانی، بۆ نەهێشــتنی بەكارهێنانی گەنج بــۆ مەرام و ئەجینــدەی جۆراوجــۆر دەبێــت حكومەت و دەســەڵات لەوە تێبگەن كە هەر رەخنەگرتنێكی گەنجانە بــۆ رووخاندنی حكومەتەكەی خۆی نییە، بەڵكو بۆ چاكســازی و بەهێزكردنێتی یا بۆ رێكخســتنەوەیەتی بەشێوەیەك لەگەڵ حەزو ئارەزووەكانی گەنجانەی ئەودا بگونجێت، دیدی گەنج بەرەو چاكسازی و نوێگەرایی یە و بوونی یاخیبــوون و رەخنەش لــەلای لاوان حاڵەتێكی ئیلاهیەو لەدەست كەس نییە رێگای لێبگرێت، چونكە رێگەگرتن لە دەربڕینی دەرگا لەبەردەم لە خشــتەبردن و بەكارهێنانێتــی بۆ ئەجیندەو ئایدیۆلۆژیای توندوتیژ .

**لەكۆمەڵگاو قەزاو ناحیەكان**
**حكومەت كەمتەرخەمە بەرامبەر بە لاوان**

ســكرتێری یەكێتی لاوانی دیموكراتی كوردستان ســەبارەت بەلاوی قەزاو ناحیەكانی كوردستان كە لەهەموو گرنگیدانێكی وەرزشــی و رۆشــنبیری و هونــەری بێبەشــن وتــی : بەپەراوێزبــوون و فەرامۆشــكردنی لاوەكانمان لە قــەزاو ناحیەكان واقیعێكی حاشا هەڵنەگرە لەكاتێكدا بەپێی هەموو ئەو توێژینەوانەی ئێمە گەنجی ئەو قەزاو ناحیانە زیاتر بەبزاوتنن بۆ چالاكییە مەدەنی و رۆشنبیری و هونەری و وەرزشیەكان بۆ نموونە لەكۆمەڵگایەك لاو زۆر بەفراوانی و بەبەرۆشی بەشداری لە كۆڕو چالاكیەكان دەكات، تەنانــەت زۆرترین خوێنەری كتێب لە قەزاو ناحیەكانــە لەكاتێكدا كتێبخانەیان نییە لەبواری وەرزش دا هەوڵماندوە لەهەموو قەزاو ناحیــەكان یاریگا هەبێت بگرە دەســتمان كردووە بەدروســتكردنی یاریگا لەچەند گوندێكیشــدا، لەدارەتــوو نۆرەمان بۆ گەنجــەكان داناوە تاوەكو بەشــداری لە كۆرسی فێربوونی زمان و مۆسیقاو كۆمپیوتەر بكات . حكومەت كەمتەرخەمە بەرامبەر بەحەزو ئارەزووەكانی گەنج لەكۆمەڵگا هەیە ماڵ نییە ئەنفالــی تێدا نەبێت كەچی گەنجەكان تەنیا لەگەڵ خەمەكانی رابردوو دەژین.

**هەموو حزبێكی سیاسی مافی خۆیەتی زۆر ترین گەنج لەخۆی كۆبكاتەوە بەڵام گەنج و كێشەكانی گەنج نەبنە مەرامێكی سیاسی و دواجار بكرێنە سوتەمەنی و قوربانی**

**لەكۆمەڵگا هەیە ماڵ نییە كەسێكی ئەنفال نەكرابێت كەچی گەنجەكان تەنیا لەگەڵ خەمەكانی رابردوو دەژین**